# ئازادی ڕۆژنامەگەریو گەندەلی لە کوردستاندا

د.کەمال سەید قادر
drkamalsaidqadir@gmx.at

بەرزیو نزمی ئاستی ڕۆژنامەگەری لە هەر وولاتێکدا پەیوەندی یەکی ڕاستەوخۆی بە ئاستی گەندەلی لەم وولاتەدا هەیە.
لێکولێنەوە ئیمپیری یەکان دەری دەخەن کەوا ڕادەی گەندەلی لە وولاتێکدا چەند زیاد بکات، پلەی ئازادی ڕۆژنامەگەریش بەم ڕادەیە دێتە خوارەوە.

ئەم تیۆری یە بە تایبەتی لە سەر باری کوردستاندا دەچەسپێت کەوا ڕادەی گەندەلی یەکەی لە نێوان ڕادە هەرە بەرزەکانی جیهانە وە لە هەمان کاتیشدا پلەی ئازادی ڕۆژنامەگەری لەم وولاتەدا لە نێوان پلە هەرە نزمەکانی جیهانە ئەگەر بێتو پێوەرە زانستی یەکان بە کار بهێنین.
لە کوردستاندا چەوسانەوەی ئازادی ڕۆژنامەگەری لە سەروی هەموی جۆرەکانی تری چەوساندنەوە دێت، هەتا چەوساندنەوەی سیاسیش کەوا لە کوردستاندا بونێکی وای نی یە. کوردستان ئێستا بوارێکی ئازادە بۆ هەمو تەوژمە سیاسی یە سەرەکی یەکانی جیهان بە لیبرالو، سۆسیالیستو، کۆمۆنیستو، پارێزگارو ئیسلامیشەوە.
لە کوردستانیش وەکو هەمو ئەو وولاتانەی تری جیهان کەوا چینێکی گەندەل حوکمی دەکەن، دەسەلاتداران ڕقێکی تایبەتیان لە ئازادی ڕادەربڕینو ڕۆژنامەگەری یە چونکە ئەم ئازدی یانە بۆ گەندەلی خراپن. ڕۆژنامەگەری ئازدا دەتوانێت دیاردەی گەندەلی ئاشکرا بکات وە ئەگەر ئاشکراش بو بۆی هەیە ببێتە هۆی سزادانی تاوانباران، بۆیە لێپرساوانی گەندەلی کوردستان هەمو کارێک دەکەن بۆ دەمکوتکردنەوەی ئازدی ڕادەربڕینو ڕۆژنامەگەری.

ئازادی ڕۆژنامەگەری بەو پێناسەیەی کەوا : " مافی کۆکردنەوەو، بلاوکردنەوەو دابەشکردنی هەوالو بیروبۆچون دەگرێتەوە بە بێ دەستێوەردانی حکومەت، بە تایبەتیش بە بێ سانسۆر". بریتی یە لە ڕەنگدانەوەی ئازادی ڕادەربڕین، بەلاّم لە گەل ئەوەشدا جیاوازی یەک هەیە لە نێوانیان، ئەمیش ئەوەیە کەوا ئازادی ڕۆژنامەگەری بە هۆی ئەو ڕۆلە گرنگەی کەوا لە کۆمەلگادا دەیگێرێت، هەروەکو چۆن زۆر جار بە دەسەلاتی چوارەم ناو دەبرێت، پێ ویستی بە پارێزگاری کردنێکی تایبەت هەیە.
ئازادی ڕۆژنامەگەری لە هەر وولاتێکدا دەتوانرێت بە شێوەیەکی زانستیانە بپێورێت. وەکو پێوەریش هەردو ڕێکخراوی نێودەولەتی، پەیامنێرانی بێ سنور (**Reporters Without Borders**) وە مالی ئازادی (**Freedom House**) لە سەر چەند پێوەرێک ڕێککەوتون وەکو: ژمارەی ئەم ڕۆژنامەنوسانەی لە وولاتێکدا دەکوژرێن یاخود فشاریان دەخرێتە سەر یا لە وولات دەردەکرێن، مۆنۆپۆلی دەولەت لە

سەر هۆیەکانی ڕاگەیاندن، سانسۆری ڕەسمی، سەربەخۆیی میدیا بە شێوەیەکی گشتی، باری ئابوریو سیاسیو کۆمەلایەتی  بە شێوەیەکی گشتی کەوا بتوانن کاریگەر بن لە سەر ئازدی ڕۆژنامەگەری.

ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێ سنور سالانە خشتەی ئازادی ڕۆژنامەگەری جیهانی دەردەکات کەوا وولاتان بە گوێرەی ڕادەی ئازادی ڕۆژنامەگەری لە هەر وولاتێکدا، ڕیز دەکرێن. لیستی سالی 2005، 167 وولاتی گرتۆتەوە وە عێراق بە پێ ی ئەم خشتەیە پلەی 157 ی وەرگرتوە کەوا لە نێوان 10 وولاتی هەرە نائازادەکانی جیهانە لە بواری ئازادی ڕۆژنامەگەریا.

هەرێمی کوردستان هەرچەندە لەم لیستەدا بە تەنها ناوی نەهاتوە، بەلام ئەگەرچی ئازادی ڕۆژنامەگەری لە عێراقو کوردستاندا دەچەوسێنرێتەوە، جیاوازی یەکی زۆر لە نێوان هەردوکیاندا هەیە. چەوسانەوەی ئازدای ڕۆژنامەگەری لە کوردستان بە شێوەیەکی سەرەکی چەوسانەوەیەکی حکومی یە، کەچی لە عێراقدا چەوساندنەوەکە بە شێوەیەکی سەرەکی ناحکومی یە وە بە زۆری لە ڕێگای گروپە تێرۆریستەکانەوە ئەنجام دەدرێت.

بەلام هەرجۆرە پێوەرێک بە کار بهێنین بۆ پێوانی ئازادی ڕۆژنامەگەری لە کوردستاندا، ئەوا پلەی ئەم ئازادی یە بە هیچ جۆرێک هەلناگەڕێتە سەروی پلەی عێراق، بۆیەشە  باری ئازادی ڕۆژنامەگەری لە کوردستاندا دەتوانرێت بە یەکێک لە خراپترین بارەکانی ئەم ئازادی یە لە جیهاندا لە قەلەلم بدرێت. وە ئەم هۆکارەشی بە شێوەیەکی سەرەکی  دەگەڕێتەوە بۆ بەرزی ڕادەی گەندەلی لە کوردستاندا هەروەکو لە خوارەوە هەولدەدەین بیسەلمێنین.

ئازادی ڕۆژنامەگەری لە بەر ئەو ڕۆلە گرنگەی کەوا دەیگێڕێت پێویستی بە پارێزگاریکردنێکی تایبەتیش هەیە لە سەر ئاستی نەتەوەییو نێو دەولەتیش.

لە سەر ئاستی نەتەوەیی ئازادی ڕۆژنامەگەری بە شێوەی جیا جیا دەپارێزرێت. بلاوترین دیاردە ڕێگای دەستوری یە کاتێک کەوا دەستوری وولات ئەم ئازدی یەش وەکو ئازادی یەکی مەدەنی دابین دەکات. بۆ نمونە دستوری وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە گۆڕینی یەکەمی یەوە لە سەدەی هەژدەهەمدا تا ئێستا ئەم ئازدی یە دابینکردوە.

ڕێگایەکی تر  تواندنەوەی  ڕێککەوتنامەکانی مافی مرۆڤە لە نێو یاسای نەتەوەییدا هەروەکو لە بەریتانیا پەیڕەو کراوە. پەرلەمانی ئەم وولاتە هەلسا بە تواندنەوەی ڕێککەوتنامەی ئەورپی بۆ مافی مرۆڤ لە یاسای ناوخۆدا، ئەم ڕێککەوتنامەیەش لە مادەی 10 یدا ئازادی ڕادەربڕین دابین دەکات.

یاخود وولاتێک هەلدەسێت بە ڕاگەیاندنی جارێکی مافو ئازادی یەکان کەوا ئازادی ڕۆژنامەگەری بەشێک دەبێت لەم ئازادیانە هەروەکو هەرێمی کوێبێکی کەنەدی پێ ی هەلساوە.

جاریش وایە وولاتێک هەلدەسێت بە دەرکردنی یاسایەکی تایبەت بۆ دابین کردنی ئازادی ڕۆژنامەگەری هەروەکو لە زۆر وولاتانی جیهانی سێ یەمدا باوە.

لە سەر ئاستی نێو دەولەتیش ڕێککەوتننامە نێودەولەتی یەکان بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ ئەم ئازدی یە دابین دەکەن هەروەکو لە مادەی 19 جاری گەردونی مافی مرۆڤ، یاخود لە هەمان مادەی 19 ڕێککەوتننامەی نێودەولەتی بۆ پاراستنی مافە مەدەنیو سیاسی کاندا هاتوە.

ڕۆژنامەنوسانیش بە پێ ی یاسای نێودەولەتی پارێزراون. ڕێککەوتننامەی سێ یەمی جنێڤ لە مادەی 4 یدا وە پرۆتۆکۆلی یەکەمی ڕێککەوتننامەکانی جنێڤ لە مادەی 79یدا مافی ڕۆژنامەنوسان لە کاتی شەڕو ئاژاوەدا دەپارێزن.

ئازادی ڕۆژنامەگەریش وەکو هەمو ئازادی یەکی تر ئازادی یەکی بێ سنور نی یە بەلکو دەبێت بە پێ ی چەند مەرجێکەوە پەیڕەو بکرێت. مادەی 20 وە 19 خالی 3 لە ڕێککەتننامەی نێودەولەتی بۆ پاراستنی مافە مەدەنیو سیاسی یەکان ئەم سنورە دیار دەکات کاتێک دەلێت پەیڕەوکردنی ئەم ئازادی یە پابەندە بە ڕیزگرتن لە مافەکانی تاکەکەس وە پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی وە قەدەغەکردنی پرۆپاگەندەی شەڕ یاخود هاندانی توندو تیژی.
ئەم جۆرە سنورانە بۆ نمونە لە یاساکانی ئەمریکاو کەنەداو فەرەنساو ئەلمانیا بە دی دەکرێن.

ناسراوترین ئامراز بۆ سنوردارکردنی ئازدای ڕۆژنامەگەری سانسۆرە.
سانسۆریش بریتی یە لە ڕێگە گرتن لە بلاوبونەوەی نوسراوێک یاخود ووتەیەک لە لایەن حکومەتەوە.
سانسۆریش جۆری جیا جیای هەیە لەمانە:1 سانسۆری پێشینە، ئەمەش کاتێک حکومەت پێش بلاوبونەوەی نوسراوێک دەبێت ڕەزامە ندی خۆی لە سەر بابەتەکە پشان بدات، 2 سانسۆری پاشینە، ئەمیش کاتێک حکومەت هەلدەسێت بە سزادانی ئەو کەسەی کەوا بابەتێک بلاو دەکاتەوە کەوا لە گەل بۆ چونەکانی حکومەت ناگونجێت،3 سانسۆری خۆیی، ئەمیش کاتێک نوسەر لە ترسی سزادانو ڕاونان خۆی ئەم بابەتانە بلاوناکاتەوە کەوا ترسی لێ ی هەیە حکومەت سرنجی لە سەر هەبێت،4 سانسۆری نارەسمی، ئەمەش کاتێک گروپە توندڕەوەکان لە جیاتی حکومەت هەلدەستن بە ڕێگەگرتن لە ئازادی ڕۆژنامەگەری.
هەر هەمو ئەم جۆرە سانسۆرانە لە کوردستاندا هەن. سانسۆری پێشینە کاتێک نوسەرێک بیەوێت کتابێک بلاو بکاتەوە، سانسۆری پاشینە کەوا دیاردەیەکی زۆر بلاوە، سانسۆری خۆیی کەوا ئەمیش دیاردەیەکی یەکجار باوە بۆیە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی کوردستان زۆربەی هەرە زۆریان لە کۆپی یەکتر دەچن وە سانسۆری نارەسمیش کاتێ گروپە توندڕەوەکانی کوردستان هەڕەشەی کوشتن لە نوسەران دەکەن. جۆرێکی تری تۆقاندنی نوسەرانو ڕۆژنامەنوسان هەیە لە کوردستان کەوا بە جۆری نارەستەوخۆ ناو دەبرێت، ئەمەش کاتێک حکومەت یاخود حیزبەکان نوسەرو ڕۆژنامەنوسان نانبڕ دەکەن یاخود فشار دەخەنە سەر کەسو کاریان بۆ دەمکوتکرنیان یاخود بە بەکرێگیراوی دەرەوە ناویان دەبەن.
جۆرەکانی چەوساندندنەوەی ئازادی ڕۆژنامەگەری لە کوردستاندا هەر جۆرێک بن، هۆکارە سەرەکی یەکەیان گەندەلی یە کەوا چەند بنەمالەیەکی ئۆلیگارخی گەندەل پی ی هەلدەستن نەک هۆی سیاسی.

## ئازادی ڕۆژنامەگەریو گەندەلی لە کوردستاندا

گەندەلی بە پێناسەی بە کارهێنانی دەسەلاتی گشتی بۆ سودی تایبەت جۆری زۆرە. لەم جۆرانە گەندەلی بیرۆکراتی، گەندەلی سیاسی، گەندەلی ئابوری ...هتد.
گەندەلیش بە هەمو جۆرەکانیەوە زەندەقی لە ڕۆژنامەگەری ئازاد چوە هەر چۆن دزو ڕێگر لە شاهیدی چاو دەترسن.

هەر بۆیەش سیستەمێکی سیاسی گەندەل هەمو هەولێک دەدات بۆ دەمکوتکردنەوە ئازادی ڕۆژنامەگەری.

بەراوردکرنی خشتەی ئازادی ڕۆژنامەگەری سالی 2005 کەوا لە لایەن ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێ سنور دەرچوە لە گەل خشتەی گەندەلی جیهانی سالی 2005 کەوا لە لایەن ڕێکخراوی شەفافیەتی نێو دەولەتی وە دەرچوە، بە ڕونی دەری دەخات کەوا پەیوەندی یەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان ڕادەی گەندەلی وولاتێکو پلەی ئازادی ڕۆژنامەگەری لەم وولاتەدا هەیە.
هەردو خشتەکە پشانی دەدەن کەوا بۆ نمونە وولاتانی وەکو میناماڕو، تورکمانستانو، ئوزبێکستانو پاکستان لە هەمانکاتدا لە ڕیزی وولاتە هەرە گەندەلەکانو وولاتە هەرە چەوسێنەرەوەکانی ئازدی ڕۆژنامەگەرین لە جیهاندا. لە هەمانکاتیشدا وولاتێکی وەکو فنلەندا کەوا بە پێ ی خشتەی گەندەلی کەمترین گەندەلی تیایە، خاوەنی بەرزترین پلەی ئازادی ڕۆژنامەگەریشە.

کوردستانیش ئەگەر چی لێکۆلینەوەی لە سەر نەکراوە، بەلام ئەگەر لێکۆلینەوەکان ئەم وولاتەشیان بگرتایەوە ئەوا کوردستانیش دەبوە یەکێک لە وولاتە هەرە گەندەلەکانی جیهان کەوا نزمترین ئاستی ئازادی ڕۆژنامەگەریشیان تیا بە دی دەکرێت.

هەر ئەم ڕادەبەرزی یەی گەندەلیشە لە کوردستاندا کەوا بۆتە هۆی ئەوەی دەسەلات وا دڕندانە تاو بداتە ئازادی ڕۆژنامەگەری، چونکە نایەوێت کەس چاودێر بێت بە سەری یەوە.
لە هەرشوێنێک ڕۆژنامەنوسان ڕفێندرانو ئەشکەنجەدرانو دادگایی کارتۆنی کران ئەوا بزانە ئەم شوێنە لانەی بۆگەنی گەندەلی یە.

ڕاستە ئێستا ڕۆژنامەنوسانو نوسەران لە کوردستاندا لە لایەن حکومەتەوە ناکوژرێن بەڵام دادگاو یاساکانی کوردستان بە شێوەیەکی تایبەت وە زۆر بە نارەوایی بە کار دەهێنرێن بۆ دەمکوتکردنەوەی دەنگی ئازاد.
خانمی **Ann Cooper** سەرۆکی کۆمیتەی پاراستنی ڕۆژنامەنوسان لە نیۆیۆرک لەم بارەیەوە دەلێت:
سیستەمی یاسایی کوردستانی عێراق بە شێوەیەکی ڕەمەکی دژ بە ڕۆژنامەنوسان بە کاردەهێنرێت.

لەمەش خراپتر ئەوەیە کەوا لە کوردستاندا یاساکانی بەعس بۆ دەمکوتکردنەوەی نوسەرانو ڕۆژنامەنوسان بە کار دەهێنرێت. مادەی بۆگەنی 433 ی کۆدی سزای عێراقی کەوا هی سەردەمی بەعسە پیسترین ڕۆل دەگێڕێت دژی ڕۆژنامەنوسان.

دیاردەی سەرکوتکردنەوەی ئازدی ڕادەربڕینو ڕۆژنامەگەری هەر بەردەوام دەبێت یاخود بەرەو خراپتریش دەڕوات لە کوردستاندا ئەگەر بێتو سنورێک بۆ دیاردەی گەندەلی لەم وولاتەدا دانەنرێت.
ئەم سنورەش هەروەکو ئێستا بۆمان بە دیار کەوتوە، زۆر زەحمەتە میللەت بتوانێت بۆ دەسەلاتی بکێشێت یاخود قوربانی یەکی زۆری دەوێت، بۆیە دەبێت ڕێگای تر بدۆزرێتەوە بۆ گەیشتن بەم

ئامانجە. ئەم ڕێگایەش تەنها پالەپەستۆی ئەمریکایە چونکە هەروەکو هەمو لایەنەکمان دەزانین ئەگەر ئەمریکا نەبوایەو نەبێت هیچ یەکێک لەم لێپرسراوانەی ئێستا لە کوردستاندا نەیاندەتوانیو ناشتوانن چەند ڕۆژێگ خۆیان لە سەر کورسی یەکانیان ڕاگرن.

هەربۆیەش دەبێت میللەتی کورد داواکاری یەکانی خۆی بۆ جلەوکردنی دیاردەی تاوانی گەندەلی بە شێوەیەکی زۆر مەدەنیانە وە بە پشت بەستن بە یاسای نێو دەولەتیو ناوخۆی ئەمریکا پێشکەش بە حکومەتو کۆنگرێسو ڕای گشتی ئەمریکا بکات.